# گۆڤاری
# ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٤ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.

گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.

ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

* دیزاین: هەرێم عوسمان

* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:

Web: journal.ka.gov.krd

* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢٢
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١

# ڕەهەندی ئایینی لە کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی (ساردۆن دا)

پ.د.مەولود ئیبراهیم حەسەن
کۆلێژی زمان، بەشی کوردی
زانکۆی سەلاحەددین

(توێژەر) دڵسۆز یاسین صدیق
قوتابی ماستەر لەزمانی کوردی،
زانکۆی سەلاحەددین

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: ڕەهەندی ئایینی لە کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی (ساردۆن دا)، ئامانج لێی دەرخستن و شیکردنەوەی ڕەهەندە ئایینیەکانی دەڤەری خۆشناوەتی بە گشتی و شەقڵاوە بە تایبەتییە. بۆ ئەم توێژینەوە حیکایەتە کۆکراوەکانی (سەرباز مەجید خۆشناو) مان بە نموونە وەرگرتووە، کە زۆر بە پەرۆشەوە بەدوای کۆکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییە کوردیەکانی تایبەت ناوچەی خۆشناوەتییە، حیکایەت و ئەفسانە وەک دوو ژانری ئەدەبی فۆلکلۆری، مێژوویەکی کۆنیان هەیە، بیرکردنەوەکانی مرۆڤ لە سەرەتا دا زیاتر بە لای ئەفسانەکانەوە دەڕۆشت، کەواتە ئەفسانە لە سەر بنەمای ڕاستیەک دروست بووە. هەموو نەتەوەیەک ئەفسانە لە پێکهاتە و لایەنی کلتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکانی هەیە، ئەگەرچی جیاوازی لە بنەما و تایبەتمەندییەکانی لە نێوان گەلان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیدا هاوبەشن، لە خوێندنەوەی ووردی ئەفسانە کوردییەکاندا، ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە ئەفسانەی کوردی خاوەن چەندین خاسیەت و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی.

وشەکلیل: ڕەهەندی ئایینی، حیکایەت، ئەفسانە، خۆشناوەتی، کلتوور.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی: ڕەهەندی ئایینی لە کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی (ساردۆن دا)، حیکایەت بەشێکی سەرەکی ناو توێژینەوەکانی ئەدەبی کوردییە، لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە، حیکایەت لە ناو هەموو کۆمەڵگەو داب و نەریتەکان هەیە، بەڵام بە شێوەی جیاواز، کوردیش وەک و هەموو میللەتانی دیکە خاوەنی کۆمەڵێک حیکایەت و ئەفسانەیە، کە هەڵێنجراوی ناو کۆمەڵگەو کلتووری تایبەتی خۆیەتی، بێگومان بە پێی تێپەڕبوونی کات و سەردەمەکان گۆڕانکاری لە ئەفسانەکانیشدا کراوە. ئەرکی ئەم توێژینەوەیە ئاشناکردنمانە بە حیکایەت وئەفسانەکانی ناوچەی خۆشناوەتی. میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی (وەسفی شیکاری)، سەرەتا ڕێبازی وەسفیمان گرتە بەر بۆ ئەوەی لایەنە تیۆریەکەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زانستیانە بخەینە ڕوو، بۆ لێکدانەوەی دەقی حیکایەتەکان و پراکتیزە کردنی جۆری ئایینەکان ڕێبازی شیکاری بەکارهاتووە، لە زۆر شوێندا هەردوو ڕێبازەکە تێکەڵ دەبن و دەبن بە تەواوکەری یەکتر.

ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستنی ڕەهەندە ئایینیەکان و ڕەنگدانەوەیانە لە نێو حیکایەت و ئەفسانەکاندا، ڕەنگدانەوەی لە نێو ئایینەکاندا، ئەمەش کاریگەری تەواوی دەبێت بە سەر ناساندنی کلتووری میللەتان بە گشتی و کلتووری کورد بە تایبەتی، جگە لەمانەش شەنوکەوکردنی حیکایەتەکانە و گونجاندنیان لە گەڵ کلتووری ئایینەکان، چونکە حیکایەت یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییە نایابەکان، بوونی حیکایەتی جۆراوجۆر لە ناو هەر میللەتێک دەوڵەمەندی کلتووری ئەو نەتەوەیە دیاردەخات.

سنووری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دیاریکردنی ڕەهەندی ئایینی لە نێو حیکایەت و ئەفسانەکانی دەڤەری خۆشناوەتی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم باسە دا کۆمەڵە حیکایەتەکانی (ساردۆن) شیکردنەوەو لێکدانەوەیان بۆ کراوە، ئەم کۆمەڵە حیکایەتە، کۆمەڵێک حیکایەتی تێدا کۆکراوەتەوە، بەڵام ئێمە بە پێی پێویستی توێژینەوەکە و هەروەها گونجانیان لە گەڵ ناونیشانی بابەتەکە هەڵبژاردنمان بۆی کردووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە: لەبەر ئەوەی ڕەهەندی ئایینی پرسێکی گرنگی ناو کۆمەڵگەیە، هەروەها وردبوونەوەیە لە دەرخستن و پیشاندانی کاریگەری ئایینەکان لە ناو حیکایەت و ئەفسانەکانی ناوچەی خۆشناوەتی، کە لە ڕووی مێژووییەوە ژیان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زۆرترین گۆڕانکاری لە بیروباوەڕە ئایینیەکاندا ڕوویدات. توێژینەوەکە: باس لە ڕەهەندی ئایینی لە کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی ساردۆن دا دەکات. لە بەشی یەکەم: پێگە و چییەتی ئایین لە حیکایەت و ئەفسانەکاندا، پێناسەی ئایین، هەروەها ئایین و بیرو باوەڕی ئەفسانەیی، لە بەشی دووەمدا لایەنی پراکتیک خراوەتە ڕوو، ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئەفسانەیی لە کۆمەڵە حیکایەتەکانی ساردۆن دا، لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم: پێگە و ناساندنی ئایین لە حیکایەت و ئەفسانەکاندا.

ئایین هەر لە سەرەتای شارستانی مرۆڤەوە دەرکەوتووە، تا ئەمرۆشی لە گەڵدابێت بەردەوام توێژینەوە لە ئایین دەکرێت، کەوایە ئایین پرسێکی گرنگە، پەیوەندی بە ڕابردوو و ئێستە و داهاتووی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە هەر لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە بە پێی ئەو داب و نەریتەی کە تێیدا دەژی ئایینی بۆ دەستنیشان دەکرێت، بەڵام ئەمەش

مەرج نییە تا کۆتایی بێت، بە پێی تێپەڕبوونی کات و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو کەسە و تێگەیشتنی لەو ئاینە، ئەگەری هەیە ئایینی خۆی بگۆڕێت، چونکە پەیڕەو کردنی هەر ئایینێک پێویستی بە بڕواییەکی تەواو هەیە، بۆ ئارامی ڕۆحی و دەروونی کە هێزێک هەیە ئەم گەردوونە بەڕێوە دەبات وا پێویست دەکات بیپەرستێت، ئایین وەک پێویستییەک بۆ ڕێکخستنی کار و کردەوەکانی مرۆڤ دروست بووە، زۆر لە ئایینەکان چیرۆک و مێژووی پیرۆزیان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی مانا بە ژیان ببەخشن، پەیامی ئایینەکان جەخت لەسەر ڕێنمونی و هاندانی مرۆڤ بۆ کاری چاکە و خێر دەکاتەوە، ئامانجەکەشیان سەربەرزی و بەختەوەری بۆ هەردوو دونیایە. بە پێی تێپەڕبوونی کات ئایینەکان فۆرمی جیاواز وەردەگرن، بۆیە لێرەدا بە پێی چەند پێناسەیەک لە چییەتی ئایین دەدوێین:

## ١-١. ئایین: ناساندن.

ئایین ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، لایەنێکی مەعنەوی هەیە، کە بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی مرۆڤەکان دروست بووە، ئەمەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، هەندێکیان لە ناو کۆمەڵگە دروست نەبوون، بەڵکو بۆیان هاتۆتە خوارەوە، هەروەها کۆمەڵێک یاسایە کە پێویستە پەیڕەوانی لە سەری بڕۆن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بە دڵی هەموان بێت و هەموویان وەکو یەک پەیڕەوی بنەما و پرۆگرامەکان بکەن (ئایین ئەو دەستوور و یاسایانەن کە بۆ گەیشتنە ژیانێکی باشتر و بەختەوەرتر و پێشکەوتووتر گەیشتنە دوندی مرۆڤایەتی لە گشت بوارەکانی ژیاندا) (پەهلەوان ٢٠١٣:١١٢).

کەواتە ئایینەکان بۆ گەیشتن بە لوتکەی بەختەوەری مرۆڤەکان هاتوونەتە ئاراوە. ئایین بریتییە لە پێکهێنەرەکانی کلتوور کاتێک سیفەتی بەردەوامی و پیرۆزی وەردەگرن و دەستیان بۆ نابرێت. هەر بۆیە ئایین ئاوێنەیەکی کلتوورە و هەموو بوارو پێکهێنەرەکانی کلتووری تێدا جێ دەبێتەوە...ئایین تەنیا بریتی نییە لە باوەڕ بە خودا و پەرستنی، بەڵکو بریتییە لە جیهانبینی و شێوازی تێڕوانین و تێگەیشتن لە بوونەوەرو سروشت و کۆمەڵگا و مرۆڤ، لە شێوازی ژیان، وشەی کلتوور هەڵبەتە مەبەست لە کلتووری ئەو گەلە یان ئەو کۆمەڵگایەیە کە ئایینەکەی بەرهەم هێناوە، یان ئەو کۆمەڵگایەی ئایینەکەی تێدا سەر هەڵدەدات ( پێنجوینی ٢٠١٢،ماڵپەر).

کەواتە ئایین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کلتووری ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە پەیڕەوی دەکات، لێکۆڵەران زۆربەیان لە سەر ئەوە کۆکن کە پێناسەی ئایین شتێکی ئاسان نییە، بتوانی بە چەند دێرێک گوزارشتی لێ بکەی. فەیلەسوف و مێژوونووسی ئایینی ئەڵمان "ماکس مۆلەر" دەربارەی ئایین دەڵێت: (ئایین هەوڵێکە بۆ وێنا کردنی شتێ کە ناکرێت وێنا بکرێت. گوتنی شتێ کە ناتواندرێت گوزارشتی لێ بکرێت) (السواس٢٠٠٢: ٢٣). کەواتە بە بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە، ئایین شتێک نییە بتوانین بە ئاسانی گوزارشتی لێ بکرێت، لە بەر ئەوەی ئایین بابەتێکی قوڵە و چەند لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت شتی نوێتر بەدیار دەکەوێت، کەواتە پێناسەکردنی ئاسان نییە، ئایینەکان دوو جۆرن زەمینی و ئاسمانی، ئەو حیکایەتانەی کە ڕەهەندی ئایینیان تێدا زاڵە زیاتر ئاکار و ئەخلاقی ئەو ئایینە پێشکەش دەکەن، واتە حیکایەت و ئەفسانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست و هەڵە پیشانی تاکەکان بدەن، جگە لەمانەش ڕەفتاری مرۆڤەکان و هەموو پرسە وجوودییەکانی

وەکو (دروستبوونی گەردون، مردن و ژیانی دوای مردن، سروشت و ئازارەکان و حیکمەتی هەبوونی ئازار...هتد) پێشکەش دەکەن چونکە حیکایەت و ئەفسانەکان پەیوەستن بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانەوە.

## ئایین و بیروباوەڕی ئەفسانەیی

ئەفسانە چیرۆکێکی خەیاڵیە، کە زیاتر لە گەڵ بیرو باوەڕی کۆن تێکەڵ بووە، زۆربەی کات ئەفسانەکان چیرۆکی پیرۆزن، ئەفسانە وەک کلتوورێکی نەتەوەیی بایەخ و گرنگی خۆی هەیەو زۆربەی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان بە گرنگ لە ئەفسانە دەڕوانن، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بە بابەتەکانی ئایینەوە هەیە. (ئەفسانە بریتییە لە گێڕانەوەیەکی پیرۆزی ڕووداوەکان کە سیمایەکی دیار بە خۆناسینی مرۆڤی ئیماندار دەبەخشێت) (خۆشناو٢٠١٣: ٩). کەواتە ئەفسانەکان بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە ئاینییەکان پێویستن. ئەفسانە لە کۆندا وەک چیرۆکێکی خوڕافی باسی لێوە دەکرا، یاخود پێشبینی کردن و خەیاڵ کردن، کەواتە لەم بیروبۆچوونانە دەتوانین مێژوو دروست بکەین، لە کات و شوێنی خۆیدا. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئەفسانە و کلتووردا هەیە، پێیان وایە جیاکردنەوەی ئەم دووانە وەک ئەوە وایە کە منداڵ لە وێلاشەکەی جیا بکرێتەوە، هەروەها پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان منداڵ و باوانەکەی، کە کارەکە لە ڕەگەوە نەمێنێت، لە ئێستاشدا ئەفسانە وەکو تۆمارێکە لە تێگەیشتن یاخود لە تێنەگەیشتن، لە یەک کاتدا گۆڕانکاری لە ئەفسانەکان زۆر بە هێواشی دەست پێ دەکات، لەمەشەوە بۆمان بە دیار دەکەوێت، کە تاکو ئێستا ئەفسانە پێویستی بە وردەکاری و تێگەیشتنی زیاترە (القمنی١٩٩٩: ٢٧).

پەیوەندی نێوان ئەفسانە و ئایین، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و دوور و قووڵ و فرە ڕەهەندە. ئەم پەیوەندییە دەکرێت لە ڕوانگە و پێگەی مێژوویی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و فەلسەفەوە شیبکرێتەوە. (ئەفسانەکان، کە چیرۆکی کۆنن سەرەتا بە شێوەی زارەکی و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، دەماودەم گواستراونەتەوە بۆ ئێمە، باس لە ڕووداو یان کەسایەتی خەیاڵی دەکەن، زۆر جار دیاردە و ڕووداوەکانی سروشتمان بۆ شیدەکەنەوە و بیروباوەڕ و تێڕوانینی سەردەمانی پێشوومان لە ڕێگای ئەفسانەکانەوە بۆ دەردەکەوێت، کە ئەمانەش زۆربەی جار پەیوەندییان بە باوەڕی ئایینی یان کولتووری کۆمەڵگایەکەوە هەیە) (علی ٢٠٢٥:٣٤٧). بێگومان هەم ئەفسانە و هەم ئایین ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیان و ڕاددەی گەشە و پێشکەوتنی هزر و ئەندێشە و تێگەیشتنی مرۆڤ لە گەردوون و خودی مرۆڤ خۆیەوە هەیە. ئەفسانەکان زنجیرەیەک گێڕانەوەی پیرۆزن کە لە کۆمەڵگە دێرینەکانی مرۆڤایەتی بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لەبابەت پەیدابوونی گەردوون، مرۆڤ و هێزە ئاسمانییەکان ئاراستە کراون. لەم ڕوانگەیە دەردەکەوێ ئەفسانە تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ دیاردەکانی گەردوون وەکو جیهان، مرۆڤ، ئاسمان، زەوی، دیاردە سرووشتییەکان و بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەم دەرکەوتە پیرۆزانەن کە لە هزری مرۆڤدا بە جۆرێک نادیار داپۆشراون. (حەسەن٢٠٢٤: چاوپێکەوتن). ئەفسانە و ئایین پەیوەستن بە جڤاک و دیاردەی کلتوورین، بۆیە وەها لەناو کلتوور و دابونەریت و بیروباوەڕی مرۆڤدا ڕەگیان داکوتاوە کە جیاکردنەوەیان کارێکی تارادەیەک ئەستەمە. لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەگەر لەم دوو بابەتە ووردبینەوە دەردەکەوێ، ئەوەی

ئەمڕۆ پێی دەگوترێ ئایین ڕۆژگارێک ئەفسانە بووە. واتا گەشە و گۆڕانی هزری و کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە دیاردەکان هۆکارن بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو بابەتە. ئەم هێڵە لێڵ و لاوازەی لە نێوان ئەفسانە و ئاییندا بەدی دەکرێن، بەهۆی ئەم گەشە هزری و فەلسەفییانەوە دەستەبەر دەبن کە لە ئەنجامی تێپەڕینی دەیان و سەدان ساڵ بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاتوون. (تا ئێستا گەلێک ڕای جیاواز لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەفسانەکان و ئاینەکان پەیدا بووە کە پێویستە دانی پێدا بنێین کە زەحمەتە جوداوازی لە نێوان ئەفسانەو ئایین بکرێت شتێکی ئاسان نییە بزانرێ کامیان پێشتر پەیدابووە) (عیزەدین ٢٠١٠: ٢٧٦). بێگومان بوونی ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازانە وای کردووە کە نەتوانین بە ئاسانی ئەو جیاوازییەی نێوان ئەفسانەکان و ئایین دەستنیشان بکەین، جگە لەمانەش بۆ پێشخستنی هەر یەکەیان پێویستمان بە بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی بتوانین مێژووەکەیان دەست نیشان بکەین.

(ئەفسانەکان و کەسایەتییە ئاینییەکان، لە چنینی خەیاڵی ئینسانەکاندا، زۆر لە بارستایی و توانای خۆیان زیاتریان دراوەتێ و کراون بە کەسایەتی پیرۆز و کاریزماو نیوە خواوەند) (ئەسوەد٢٠١١: ١٨١). ئایین هەروەکو ئەفسانە هەوڵدەدا دیاردە شاراوە و نادیار و دوور لە هزری مرۆڤ شیبکاتەوە وەکو پەیدابوونی جیهان و مرۆڤ و ژیان. خاڵی هاوبەشی نێوان ئەفسانە و ئایین بابەتی پیرۆزبوونە، واتا پیرۆزیی بوون و پەیوەستبوونی بە خواستی خواوەندەکان کە خۆی لە ئافراندن و ڕێکخستنی سەرجەم دیاردە ئافرێنراوەکاندا دەبینێتەوە.

ئەفسانە گێرانەوەی پیرۆزی هەموو ئەم دیاردانەن کە بۆ یەکەمینجار بەدیهاتوون و لە چوارچێوەیەکی لۆجیکی و شیاودا ڕێکخستراون، ڕێک ئایینیش هەمان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێ. دووبارەکردنەوەی دیمەنی یەکەمین ئافراندنەکان، لە چوارچێوەی ئەفسانە و ئاییندا لەڕێگەی کۆمەڵێک ڕێوڕەسمی پیرۆزەوە جێبەجێ دەکرێن کە تارادەیەک خاڵی جیاوازی نێوان ئەفسانە و ئایین ئاشکرا دەکەن. ئەم ڕێوڕەسمە پیرۆزانەی لە چوارچێوەی ئەفسانەدا لەلایەن شوێنکەوتووانەوە بەمەبەستی بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی دیاردە بەرایییەکانی گەردوون جێبەجێ دەکرێ، ناسنامەیەکی دێرینتریان هەیە و مرۆڤی پێگەیشتوو بە سەدەکانی سەردەمی ئایینە ئاسمانییەکان، ئەم ڕێوڕەسمانە بەجۆرێک لە خورافیات و دیاردەی ناپەسەند هەژمار دەکەن. وەکو قوربانی کردنی مرۆڤ بۆ خواوەندەکان، خواردنەوەی خوێنی قوربانی کراو، ئاوێتەبوونی بەکۆمەڵی شوێنکەوتوان لە پەرستگە پیرۆزەکان، بەیەکدانانی پاشا و خواوەندەکان و ...هتد. لە کاتێکدا ڕێوڕەسمە ئاینییەکان کۆمەڵێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سەردەمیانەتر وەردەگرن و بەدوورن لەم توندوتیژییەی لە ڕێوڕەسمە ئەفسانەییەکاندا بەدی دەکرا. (خۆشناو٢٠٢٥: چاوپێکەوتن).

ئەفسانە لە سەرەتای پەیدابوونییەوە ڕۆڵێکی کاریگەری لە تێگەیشتن و ئاراستەکردنی هزری مرۆڤ بە ئاراستەی جیهان و دیاردە پیرۆزەکان هەبووە و هەروەها بەگوێرەی هەلومەرجی کلتووری جوگرافیایی و مێژوویی گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دواتر لە چوارچێوەی ئاییندا جارێکی دیکە بنیاتنراوەتەوە. ئەفسانە لە ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی خۆیدا بە ئاراستەی گۆڕان بۆ دەرکەوتەی ئایینی لە سووڕدابووە. لە ئەفسانە دێرینەکاندا ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی گێڕانەوەیەکی پیرۆزدا خۆی دەنوێنێ و لە هەمان

کاتدا لە چوارچێوەی ئاییینیش ئەم گێڕانەوانە هەمان دۆخە پیرۆزەکەیان هەڵگرتووە، بەڵام بەم جیاوازییە کە ناوەڕۆکی گێڕانەوەکان تێمایەکی ئاییینی یەکجار سنووورداری وەرگرتووە تاکو لەگەڵ بنەما فیکری و فەلسەفی و باوەڕە بنچینەییەکانی خودی ئاییینەکە هاوتەریب بێ (خۆشناو ٢.٢٥:چاوپێکەوتن).

ئەمەش واتا هاوتەریب بوونی ئەفسانە و ئایین لە بەرجەستەکردنی هزر و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ گەردوون، بە جیاوازی زەمەنی گێڕانەوە و پەردە لادان لە نهێنییەکان و ڕادەی تێگەیشتنیان لە دیاردە نامۆ و شاراوەکان (ئەفسانە بە قەد ئەوەی وەک ناوەڕۆک دەوڵەمەندە و پڕ لە گەوهەری یەکدانەیە، ئاواش وەک"زمان" پڕاو پڕە لە وشەو ناو و ئیدیۆم و ڕستەو وێنەی بێ وێنە، هەر لەبەر گرنگی زمانەکەشە وا پێویست دەکات فۆلکلۆر بە گشتی و ئەفسانە و حیکایەت بە تایبەت بە زمانی کوردی و بە شێوەزارەکەی خۆی کۆبکرێتەوە و دەستکاری نەکرێت، نەزار و بنزارەکەی بگۆڕێ و نە بە وەرگێڕاویش بۆ یەکەمجار بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەگەر یەکەمجار بە زمانی کوردی و ئەو زار و بنزارەی پێی دەگێڕدرێتەوە، کۆبکرێتەوە ئەوا سەرمایە زمانییەکە دەپارێزێ و لە نێو ناچێ، بەڵام ئەگەر هەر لە سەرەتاوە جاری یەکەمی بڵاوکردنەوەی دەقەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانێکی تر ئەوا بەشە گرینگەکەی زمان دەدۆڕێنێ و ناوەڕۆکەکەی دەمێنێتەوە، کە هەندێجار ناوەڕۆکیش پەیوەستە بە زمانی دەربڕینەوە. تا ئێستا زۆر جار ڕوویداوە ئەفسانەو حیکایەتی کوردی کۆکراوەتەوە و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانێکی تر و دەقە ڕەسەنەکەیان-ئێستا-لەبەر دەستدا نییە!) (حەسەن٢..٨: ٨). ئەو کۆمەڵە حیکایەت ئەفسانانەی (ساردۆن)یش هەمووی ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندو وێنەی زۆر نایاب و پڕ مانایان تێدایە و بە شێوەزاری خۆشناوەتی (دەڤەری شەقڵاوە) گێڕدراونەتەوەو سەرماییە زمانیەکەیان پارێزراوە، ڕەنگە زۆر لە حیکایەتەکانیش لێرە و لەوێ پێشتر هاتبنە بەر باس بەڵام بە هۆی گێڕانەوەی حیکایەتەکان بە شێوەزاری خۆشناوەتی لەم پەرتووکە شێوازی گێرانەوەیان تام و چێژێکی تر دەبەخشنە خوێنەر.

ئەفسانەکان لە زۆر ڕووەوە پەیوەندیان بە حیکایەتەکانەوە هەیە، بەڵام لەوانەیە لە ڕووی بنەماو پشت بەستن بە کەرەسەکانەوە جیاوازی تێبکەوێ (ئەفسانەکان بابەتگەلێکی حیکایەتئامێزن، لە ڕێی هەندێک بنەماو تایبەتمەندی لە جۆرەکانی دیکەی حیکایەت جیادەکرێنەوە، لە گەڵ هەندێک جۆری حیکایەتدا لە یەکتر نزیک و لە گەڵ هەندێ جۆری دیکەدا لێک دوورن) (خۆشناو٢.٢٥: ٢١٥). کە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە لایەنی خەیاڵ و تێکەڵ کردنی لە گەڵ ئەو ڕووداوانەی کە لە سروشت ڕوونادەن هەیە. ئەفسانە وەکو سیستەم و زادەی بیری مرۆڤی بەرایی، بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوە و شیکردنەوەی شتە شاراوەکانی دەوروبەردایە زیندوویان دەکاتەوە، هەروەها پەیوەندی بە چیرۆکی سەرزاریش هەیە، ئەم چیرۆکە سەر زاریانەش کە لە قۆناغەکانی پێشووتر هەبوون بە سیمای نوێوە دەرکەوتن، لە کۆمەڵە حیکایەتەکانی (ساردۆن) هەندێ ئەفسانەی تێدایە کە تێکەڵن لە مێژووی سەردەمەکان وبەمەش مێژووی کورد بە مێژوویەکی دەوڵەمەند دادەنرێت، لێرەشدا دەگوترێت مەرج نییە ئەم کۆمەڵە حیکایەتە هەمووی تایبەت بن بە ناو جەرگەی خۆشناوەتی، بەڵکو لەوانەیە تێکەڵیەک هەبێت لە ئەفسانەکانی میللەتی کورد بە شێوەیەکی گشتی. لەوانەیە کەمێک جیاوازی لە نێو ئەفسانەی گەلاندا هەبێت، بەڵام لە کۆتایی لە ڕووی تێگەیشتنەوە لێک نزیکن.

(هێما) لە نێو ئەفسانەکان پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە. لە ڕووی سۆزدارییەوە هێماکان کاریگەریان لە سەر مرۆڤ هەیە، مرۆڤ بەرەو کردار دەبەن (هێماوەکو تەکنیک لە گێڕانەوەی حیکایەتەکان بەکاردێن، مێژووی بەکارهێنانیان بۆ سەدە کۆنەکان و شارستانیەتە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکو ڕێباز لە سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵداوە، لە ئەدەبیاتدا بە وەسفی شتێک بۆ شتێکی تر بەکاردێت، زیاتر واتای "ئاماژە"دەگەیەنێت، بۆچەند مەبەستێک وەک مەبەستی ئیستاتیکی وچەند بابەتی دیکە، وەک ڕەمزی (کەسایەتی ئەفسانەیی گشتی، ئایینی، مێژووی، کەلەپووری) (خۆشناو٢٠١: ٢٨).

ئەفسانە بەشێکی هێمایە، هەندێک لەو هێمایانە لە ئایینەکان وەرگیراون. ئەفسانەکانی ساردۆن مێژوویەکی کۆنیان هەیە، ئەو کۆمەڵە حیکایەتە چەندین حیکایەتی تێدا کۆکراوەتەوە، بەڵام هەموویان هی یەک سەردەم نین و جیاوازن، هەروەها ناوەڕۆکی حیکایەتەکانیش جیاوازن و بەها کلتووریەکانی ناوچەی خۆشناوەتی تێدا باسکراون.

لە ناو کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی (ساردۆن) (ڕەمز)بەرچاو دەکەوێت، وەک ڕەمزی (ئایینی، کەلەپووری) ئەفسانەی کوردی هەر لە سەرەتاوە ڕەمزو هێمای خۆی هەبووە (ئەفسانە پەیوەندی دەکا بە هەندێ وێنەو کەسایەتی کە تێکەڵە لە هێماو مانا، هەندێکیان پەیوەندی بە ئاستی ئاگایی و هەندێکیشیان پەیوەندی بە ئاستی نائاگایی هەیە) (السواس،٢٠٠١، ٣٥). واتا نووسەر دەتوانێت ڕەمز بە ئارەزووی خۆی بەکاربهێنێ، لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە و بە ئارەزوومەندانە بەکاری دەهێنێ، هەندێ جاریش بێ ئەوەی مەزراندنی بۆ بکا خۆنەویستانە ئەم حاڵەتە دروست دەبێت. (ئەفسانە بە ڕەهەندە بەرفراوانەکەی لە ناو تراژیدیادا وەک بوونایەتی کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەیە) (ڕەسول ٢٠٢٥: ١٥٣) کەواتە ئەفسانە تەنیا خەیاڵێکی داهێنراو نییە و خاڵی بێت لە بابەتی کۆمەڵایەتی و کلتوور، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو بابەتانەوە هەیە، گوزارشت لە پێکهاتەی کلتوور دەکات.

ئەگەر باس لە پێکهاتەکانی ئایین بکەین، ئاوڕدانەوەیەکی ووردتر لە مێژوو و جوگرافیای ئایین بدەینەوە، ئەوا پێکهاتەیەکی یەکگرتووی ئایینمان بۆ ئاشکرا دەکات لە هەر شوێنێک و سەردەمێکدا، کە پەیوەندی بە بیروباوەڕەکانی هەر چینە و تاقمێک هەیە لە سەردەمە جیاوازەکاندا. لەسەرەتادا ئایینەکان ئایینی مرۆڤکردبوون، وەک ئەفسانەکانیش هەر بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ بوون. بۆچوونەکان زۆرن سەبارەت بە ئایین هەر لێکۆڵەرێک بە شێوەیەک دەنووسێ و بیرو بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ (کاتێ خۆی قورەیشیەکان-ئەوانەی تەسلیم نەبوون بەوەی قورئان هاتووە- وەک قورئان خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، بە قورئانیان دەگووت"ئەفسانەی پێشووەکان" ئەوان ئاوایان دەگووت، نەک پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەری ئیسلامیان پێ ڕاست نەبێت، یان پێغەمبەریان پێ شتێکی سەیر بێ لە دەرەوەی سنووری ئاوەزی ئەوان بێت!! هەندێ لەوانە پێیان خۆش بوو پێغەمبەر لەبەنی هاشم نەبێت، ئەگەرنا کەسێکی وەک ئەبی حەکەم کە ئەبو جەهلی لای ئیسلامیەکانە دەیزانێ ئەوەی پێغەمبەر دەفەرموێ دروستە و لە خۆی نییە!! (ناوخۆش٢٠١٢: ٩٦). لەم بۆچوونەی نوسەریش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پێشتر زیاتر لە ڕێگای ئەفسانەکانەوە دەیانویست لە ئایینەکان تێبگەن، ئاستی هۆشیاری خەڵکەکە بەم شێوەیە بوو.

سەبارەت بە پێناسەکردنی ئەفسانە گەلێک سەرچاوە باسیان لێوە کردووە، زۆربەشیان ئەفسانەیان بە مانا گشتییەکە وەرگرتووە،

بەڵام زانایەکی وەکو (فرۆید) خاوەنی تیۆری دەروونشیکاری دەڵێت: (ئەفسانە خەونێکە دەچێتە ژێر باری گۆڕانکاری سیحراوی و کاری نائاسایی لە ڕاددەبەدەر ئەنجام دەدات کە هەموو ئەمانەش تەنیا ڕەنگدانەوەی ئارەزووە کپکراوەکانن، کە لە دووری چاودێرییەکانی ئاستی ئاگایی دەربڕاون، بۆیە پرە لەو هێمایانەی ئەگەر بمانتانیبوایە شرۆڤەیان بکەین، ئەوا تێگەیشتنێکی قووڵی بۆ ناخی مرۆڤایەتی و ئارەزووی پێ دەبەخشین) (اسماعیل ٢.٢٣: ٢٧). کەواتە بەلای فرۆیدەوە ئەفسانە دەربڕینی ئارەزووە کپکراوەکانە، هەتا ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەمەکی و لە خۆڕاییش گوزارشتی کردبێت، چونکە ئەفسانەکان زۆربەیان نەوە دوای نەوە لە سەر زار گواستراونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکێک نەبووە، بەڵکو ئەو نەریتانەی لە خۆ گرتووە کە ڕەنگدانەوە و شێوازی ژیانی مرۆڤ و بارە کۆمەڵایەتیەکەی ئەو سەردەمی نواندووە. (هەندێ ڕووداو لە نێو دەقە ئەفسانەکان هەن، کەچی مێژوو کەمتر، یان هەر باسی نەکردوون، هەر بۆیە گەڕان بە نێو ئەفسانەی کوردیدا و بە دوای ڕاستییە مێژووییەکان، کارێکی پێویستە و هێشتا زۆر شت هەن لە گۆشەکانی ئەفسانەدا دەرنەهێنراون و نرخی ڕاستەقینەیان نەدۆزراوەتەوە) (حەسەن٢.٢:٤١). کەواتە لێرەدا نووسەر جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە ئەفسانەکان گرنگی و نرخی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە میللەتان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری پێشوەختەکان(مێژوو) دەتوانن سوود لە ئەفسانەکان وەربگرن، چونکە زۆر جار لە ناو ئەفسانەکان درکی پێکراوە و مێژوو هەستی پێنەکردووە، بێگومان کوردیش بەدەر نییە لەم بابەتە.

## بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئەفسانەیی لە کۆمەڵە حیکایەتەکانی ساردۆندا:

ئەفسانە یەکێکە لە ژانرە سەربەخۆکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەرهەمی قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤە، کەتیایدا بە شێوەیەک بیری کردۆتەوە، بەڵام بە هۆی نەشارەزایی پەنایان بۆ هەندێک بابەت بردووە، لەوانە ئەفسانە، بۆ بابەتی ئایین و ناسینیشی زیاتر بیریان لە فرەخواوەندی کردۆتەوە، ئەمەش خاڵێکی بەهێزی ناو ئەفسانەکانە، بۆیە ئەفسانە پیرۆزە، کارەکتەرەکانی نەمرن، بۆ نموونە (خدری زیندە) لێرەدا سیفەتی پیرۆزی وەرگرتووە، ڕەهەندی ئایینی بریتییە لە هەموو ئەو پێکهێنەرانەی کە لە ناو کلتوور دا هەن، کاتێک سیفەتی پیرۆزی وەردەگرن، کە ئەمەش مەرج نییە تەنیا باوەڕ بوون بێت بە خودای تاک و تەنیا، بەڵکو هەموو جۆرە پەرستشێک دەگرێتەوە، هەر وەکو لە ناو کۆمەڵگە جیاوازەکان بە دی دەکرێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ئایینەکان. ئەو کۆمەڵە حیکایەتەی کە ئێمە کارمان لەسەر کردووە دابەش دەکرێت بەسەر دوو بەرە، ئەوانیش:

١-ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە ئایینییەکان بە پێی بەرەی خێر:

لە ناو ئەو کۆمەڵە حیکایەتەی کە سنووری توێژینەوەکەی ئێمەیە، یەکێک لە حیکایەتەکان دەکەوێتە ناو چوارچێوەی بەرەی خێر ( لە حیکایەتە میللییەکاندا، چەندین کارەکتەر لە بەرەی خێرو چاکەدا هاوکاری و پشتیوانی لە پاڵەوانەکان دەکەن و لە سەرکەوتن بە سەر بەرەی ڕەش و خراپەدا بە هانایانەوە دێن و هاوکاریان دەکەن. لە ڕووی هێز و توانا و پیرۆزییەوە، لە مرۆڤەکان باڵاترن) (خۆشناو٢.٢٥ :٢٢). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بە

گشتی و حیکایەت بە تایبەت، گرنگی زۆری هەیە و زۆربەی حیکایەت لە ناو کوردەواری دەکەونە ناو چوارچێوەی بەرەی خێر، لە کاتێکدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو تەنگەژەیەک هیچ چارەیەکی نامێنێت و نازانی چی بکات لەو کاتەدا پاڵەوانەکانی بەرەی خێر وەک فریاد ڕەسێک دێن و کەسەکە لەو بارە ناخۆش و ناهەموارە ڕزگار دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی کارەکتەرەکانی بەرەی خێر، کۆمەڵێک کارو کردار ئەنجام دەدەن، بۆ مەبەستی سەرکەوتن، لە هەمان کات گۆڕانکاری لەو بارودۆخەی کە تێی کەوتوون، لە یەکێکی لە حیکایەتەکان بە ناوی (ئاسینگر) باس لە بەسەرهاتی پیاوێک دەکات کە زۆر خراپ و نەفس پیس بووە، بەڵام بە هۆی ڕێکەوتێک لە گەڵ ئافرەتێک و گوێبیستبوونی بەسەرهاتی ئەو ئافرەتە وای لێدێت کە گۆڕانکاری ڕیشەیی بکات و کەسایەتییەکی تری لێدروست ببێت، هەروەها ئاراستەی ڕووداوەکانیش پێچەوانە دەبێتەوە، ئەو ئاسینگرە بە دەستەکانی ئاسنی سوورکراوەی دەگرت و دەستەکانیشی هیچ ئازارێکیان پێنەدەگەیشت، ئەمەش ببوە باس و خواسی خەڵکی ئەو ناوچەیە و هەموویان سەریان سوورمابوو ئاخۆ چۆن ئەمە ڕوودەدات. ( ڕۆژەکی ژن بە خۆم هاتە بەردەرکێ گۆتی مێردم لە سە جێی کەتییە، کەس شک نابەم ئۆ هاتیمە بەر دەرکێ توو، گۆتم ئۆخخەی ئۆ ئاخیری بە مەرامی درێ خۆ گەیشتم، گۆتی ژنەم بردە ژۆرێ، دەرکەم لە سە خۆ گارە دا، گۆتم ئەوەی ئەمن دەمەوێ بمدێ، ئەجە ئەتووش چت دەوێ هەتا بتدەمێ. گۆتی ژنە گەلەک پاڕاوە، بەرا گۆتم ئۆ ئەو جارەی کەتییە بە دەستان، گۆتی ئاخیری گۆتی قەیدی نییە چت دەوێ بکە، بەس دەرکە و بانان بەباشی تەقەتکە، گۆتم خەمت نەبێ، هەموو دەرکە و بانم گرتینە کەس نابینی.

گۆتی ژنەی گۆ دەرکەک مێیا نەتگرتییە، گۆتی چاوم گێڕان هەموو دەرکەم قەپات کردبوون، گۆتی گۆتم کا کیهە دەرکە؟! گۆتی ژنێ سەری برند کرد، گۆتی دەرکێ ڕەبلعالەمینت قەپات نەکردییە..) (خۆشناو ٢.١٩: ١.١-١.٢).

هەر لەو کاتەی ئەو ئافرەتە ئەو قسەیەی کرد ئەوا کابرای ئاسینگر هەستی بە پەشیمانییەکی زۆرکرد و هەر لەوێ بەڵێنیدا کە چیتر دەست بۆ کاری خراپە نەبات و هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێک خودای گەورەی لەبیربێت ئافرەتەکە (دەستێ خۆی لە بە خوای پانکردنۆ گۆتی خوایە لە ئاگری دنیا و قیامەتانی بپارێزە)) (خۆشناو٢.١٩:١.٢-١.٣).

لێرەدا ئەم ئافرەتە توانی ڕۆڵی کارەکتەرێکی باش بگێڕێت وهەم خۆی لەو نەهامەتییە ڕزگاربکات و هەم ئەو پیاوەش لە دونیای پیسی و هەوەسبازی ببات بۆ دونیایەکی پاک و بێگەرد.

ئەم حیکایەتە ڕەهەندی ئایینی ئیسلامی تێدا زاڵە، چونکە ئەو ئافرەتە لەبەر خوای گەورە دەپاڕێتەوە کە پیاوەکە لە ئاگری دونیا و قیامەت بپارێزێت جگە لەمەش لەگەڵ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یەکدەگریتەوە تەواو وەکو چیرۆکی حەزرەتی (ئیبراهیم، سەلامی خوای لە سەر بێت) دەگونجێت (قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ) ﴿الانبياء:٦٩﴾. هەموومان دەزانین کە ئاگر سوتێنەرە و زیان بە جەستەی مرۆڤ دەگەیەنێت. بەڵام لەم چیرۆکەدا ئاگر هیچ زیانێکی نییە و کابرای ئاسنگر دەستی لێدەدات، هیچ مەترسییەکی لە سەر ژیانی ئەو نابێت، کەواتە چیرۆکی (حەزرەتی ئیبراهیم) بە فەرمانی خوای گەورە بە سەلامەتی لە ناو ئاگرەکە دێتە دەرەوە و ڕزگاری دەبێت، بە هەمان شێوە ئاسنگریش بە نزای ئەو ئافرەتە لە ئاگر دەپارێزرێت.

٢- ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە ئایینەییەکان بە

پێی بەرەی شەڕ

بەرەی شەڕ، لە ناو حیکایەتە فۆلکلۆریەکان پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە و هەموو کاتێک کارەکتەرەکان هەوڵی تێکدان و ئاژاوەگێڕی دەدەن، وا لە مرۆڤەکان دەکەن کە ڕێگای ڕاست نەگرنە بەرو بەلاڕێیاندا دەبەن، هەوڵ دەدەن مرۆڤەکان بە ئاقارێکی خراپ دا ببەن، بۆ ئەوەی بەرەی شەڕ سەر بکەوێ (لە ئاڤێستای نوێدا هاتووە، ئەنگرەمەینییو کە سەرۆکایەتی بەرەی شەڕ دەکات، لە بەرامبەر هەر ئەمێشەسپێەنتێکی خێر، دێوێکی خولقاندووە (حەسەن٢.١٣: ١١١) کەواتە لە ناو ئایینی زەردەشتی دا دێوەکان زۆربەی کات لە بەرەی شەڕن، ڕۆڵیان لە ڕۆڵی شەیتانەکان نزیکە (لە ڕوانگەی بیروباوەڕەوە)، بوونی فرە دێوی لە ناو ئەفسانەدا و فرە شەیتانی لە ئایینەکاندا هەمان تێڕوانینیان هەیە، بەڵام دێوەکان وەک بوونەوەرێکی خوڕافی و شەیتان وەک ئەفرێنراوێکی نەفرەت لێکراوی خودا ناسراون) (خۆشناو٢.٢٥: ٢١٦). مەرج نییە هەموو کات دێوەکان مەبەستیان خراپە کردن بێت، بە پێی پێویستی حیکایەتەکە گۆڕانکاری بە سەر ڕۆڵەکەیان دادێت، یان زۆر جار ئەو بارەی کە تێی کەوتوون وا دەکات پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە ببەن، بۆ نموونە(ئازار دانیان، کوشتنی بێچووەکانیان، داگیرکردنی شوێنەکانیان، هتد...) جگە لە دێوەکان چەندین کەسایەتی تر هەن دەکەونە ناو بەرەی شەڕ لەوانە (شەیتان، کەسەخراپەکان، سۆری چاوشین هتد..).

لە ناوحیکایەتی (ساردۆن) دا چەندین حیکایەت هەن دەکەونە ناو بەرەی شەڕ، بەڵام ئەگەر بە پێی ئایینەکان دابەشیان بکەین، ئەستەمە، چونکە هیچ ئایینێک لە گەڵ خراپەکردن و شەڕ و تێکدان و ئاژاوەگێڕی دانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو ئەفسانەکان و ئایینەکانیش خراپەکاری هەبووە و بەردەوامیش دەبێت. شەیتان لە نێو ئاینەکان هەیە، شەیتانەکان کاریان خراپەکردن و دروستکردنی دڵەڕاوکێیە لە دڵی مرۆڤەکان، شەیتان لە نێو حیکایەتە کوردییەکان ڕەهەندێکی ئایینی وەرگرتووە، لە ناو ئەفسانەکانیش فرەدێوی هەیە کە هەمان ڕۆڵی شەیتانەکان دەبینن.

لە حیکایەتی (خەراتی شەیتانی) دا هاتووە، ((کابرێیاک هەبوو هەتا برێی لە خوا نەترس بوو، هەرچی خواو پێغەمبەران پێنەخۆش بوو، ئەوی ئەوەکرد.. ئەتەگۆ شەیتانە، شەوەکی شەیتانی هاتە خەونی، گۆتی ئەمن شەیتانم، هاتیمە خەراتت کەم. گۆتیێ خەراتێ کووا!؟ گۆتێ ئەمن هەتا هەنکوە کەسی لەتووم باشتر نەبووە، ئەتوو زۆرت خزمەتێ من کردییە... لۆیێ دەموێ خەراتەکی وەت بکەم هەتا حەفت پشتان پشتی خۆ لێ بکەیۆ.. کابرا ڕوو بووە دەستێ شەیتانی لە خەنی و خۆشیان دەستی ماچ کرد، شەیتانی گۆ: ئۆ ئەمنیش حەفت کووپە لیرەم کردییە خەرات. گۆتی: کانن؟! گۆتی: هەستە وەگەرم کۆ. کابرا وەگە شەیتانی کەت.. هەرۆیشتن.. هەرۆیشتن.. هەتا گەیینە سەحرێیاکی.. شەیتانی پێ لە عاردی دا گۆتی: کوپە لیرەکان لێرەنە.. کابرای چاودا دەورو بەرێ خۆ، گۆتی بەقوربانت بم پێ خۆ لانەبەی هەتا هەندەک بەردان دینم.. شەیتانی گۆ: بەردت لۆچنە!؟ گۆتی: ئەدی نابی جێیەکەی بە نیشان کەم! شەیتانی گۆ: بەرد باش نییە... ئەگە ئێکەک پاشی توو لێرە تێبپەڕی شکەکە، کوپە زێرەکان دەردینی. گۆتی: ئەدی چ بکەم؟!

گۆتی: وەرە گوەکی لە سە بکە، ئەگە کەسیش بێ.. وکی دیتی لێ وەدوورەکەویتۆ، وکی شەیتان بزربوو.. کابرا گوی خۆی کرد.. وکی واگا هات یێک تێلەگە گوی دەبنەخۆ کردییە.. ئەی گۆتی بە نەعلەت

بی شەیتان، نەخۆتکە نە خەراتت)) (خۆشناو٢.١٩: ٤٧-٤٨).

لێرەدا شەیتان یەکێکە لە کارەکتەرە خراپەکان، کە هیچ کاتێک ناتوانرێت مرۆڤەکان پشتی پێ ببەستن، ڕاستە کابرا کەسێکی زۆر خراپەکار بووە، بەڵام شەیتان کە دێتە خەونی و بە شێوەیەک وەسفی خراپەی ئەو دەکا کە دەیەوێ بە هەموو شێوەیەک سوپاسی بکات و لە هەمانکات خەڵاتی بکات لە سەر ئەوەی کە ڕێچکەی ئەوی گرتووە و بە هیچ شێوەیەک خۆی لە خراپە نەپاراستووە، بەڵام لە کۆتایی کابرا تێدەگات کە شەیتان کەسێکە بەردەوام هەوڵی هەڵخەڵەتاندن دەدات و خۆی دەڵێ: (بە نەعلەت بی شەیتان) و هەست بە خراپەی خۆی دەکات، دواتر لە کەسایەتی شەیتان تێدەگات. (شەیتان لە حیکایەتی میللی کوردیدا زیاتر ڕەهەندێکی ئایینی وەرگرتووە، لە گەڵ ئەوەشدا لە هەندێک حیکایەتدا ڕووداوەکان مۆرکی ئەفسانەی خۆیان پاراستووە) (خۆشناو٢٢٧:٢.٢٥). چونکە ئەفسانەکان، حەقیقەتێکیان لە پشتەو باس لەو ڕووداوانە دەکەن کە لە ژیان ڕوویانداوە، بەڵام تێکەڵ بە ڕەگەزی خەیاڵ کراون. ئەگەر لێکدانەوەی بە پێی هەر ئایینێک بکەین، بۆ نموونە (ئایینی ئێزەدی) شەیتان لە لایان ناوێکی تری هەیە، ئەویش(مەلیکە تاوس)ە ناتوانن بە ئاشکرا بڵێن کە بە قسەی ناکەین، چونکە پێیان وایە هێزی خراپەکاریان بۆ دێنێ و پێویستە لە ژێر فرمانەکانی ئەو بن.

دواتر لە حیکایەتی (فعلێ شەیتانی) دا هاتووە (( پیرەمێردەک هەبوو لە خوای زێتر کەسی دیی نەبوو، سبەینەکی زوو، ویستی هەندەک خۆری بینی، دەستەکی دەبانی بگێری هەتا بەسەری دا کاول نەبی، تا هێواری چەند گرەکی هینان، ئاخیر ڕێ بێری وە شتەکی ڕەق کەت، وکی دیتی ئۆ کوپە زێرە، خەنی بوو، لە ڕێی هەزار فکری لۆ دەهاتن.. وکی چووە مارێ، شەوێ کوپە زێڕی هەڕشت، لیرەکان سێ دەو و پێنج لیرە بوون، زۆرە ترسا کەسەک پێبزانێ، شەوێ پیاوەکی نورانی هاتە خەونی، ئەیگۆتێ هەر مارەک و دوو لیرانێ بدێ، بەرا بە قسێ پیاوە نورانییەکەی نەکرد، شەیتانی گۆ، ئاخر خوای ئاقر لۆ دایتە بەشەری ئەتوو ئەگە ژنەکی بێکەس و فەقیر لۆ خۆ بینی، ئەوەش خێر نییە؟)) (خۆشناو ٢.١٩:٥.-٥١-٥٢).

لەم حیکایەتە ئەوە بە دیار دەکەوێت کە پیاوەکە لە خودی خۆیدا کەسێکی زۆر باشەو هەرگیز هیچ کاتێک بیری لە کاری خراپە نەکردۆتەوە، بەڵام شەیتان وای لێدەکات کە بە قسەی خودای گەورە نەکات، هەوڵ دەدات کە کە کاری خراپی پێ ئەنجام بدات، تا وای لێدەکات کە بێگوێی لە فەرمانەکانی خودا بکات، ئەگینا پیاوە نوورانییەکە لە جارێک زیاتر دێتە خەونی و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو لیرانە بە تەنیا موڵکی ئەو نییە و پێویستە هەر ماڵە هەژارێک دوو لیرەی پێبدرێت، بۆ خۆشی تەنیا دوو لیرە، بەڵام شەیتان پێی دەڵێ ئەوە هەلێکە بۆ تۆ ڕەخساوە و پێویست ناکات ئەو زێرانە بە فیڕۆ بدەی، جارێکی تر ئەو هەلە بۆ تۆ نارەخسێت، چەند جارێک پیاوەکە دەیەوێ لیرەکان ببەخشێت بەڵام شەیتان دوو دڵی دەکات و نایەڵێت کارەکە ئەنجام بدات، بۆیە لێرەشدا دەتوانین بیگونجێنین لە گەڵ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز ( مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ،الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ) {الناس:٥،٤}. بۆیە پێویستە هەموو کاتێک مرۆڤ خۆی لە شەڕو خراپەی ئەوەی کە وەسوەسەی دەخاتە خەیاڵ و دڵیەوە بپارێزێت، کە بێگومان ئەوانە سیفەتی شەیتانەکانن. لە کاتێکدا پیرە پیاوەکە کە زێرەکان دەدۆزێتەوە زۆر هەستێکی سەیری لەلا دروست

دەبێت، چونکە سروشتی مرۆڤایەتی وایە کە شتێکی دیتەوە یاخود بە ئاسان کەوتە دەستی هەر گومانی هەیە لەوەی کە کەسانی دەورو بەر پێی بزانن و دەستکەوتەکە بە فیرۆ بڕوات و نەمێنێت. لە کۆتاییدا پیرەمێرد بە قسەی شەیتان دەکات و ئەوەی کە پێشتریش هەیبووە، هەر هەمووی بە فیرۆ دەچێت، تووشی سەرگەردانی دەبێت، ماڵ و شوێنی خۆی بە جێ دەهێڵێ و دواتریش زۆر بە دەردەسەری سەر دەنێتەوە و دەمرێت. خەسارەیەکی زۆریش دادەنێت. پێویستە هەر کەسێک کە ماڵوموڵکی لە خۆی زیاتر هەبێت، کە بێگومان ئەو سەروەت و سامانە خودا پێی داوە، بۆیە بە تەنیا موڵکی ئەو نییە و هەژاران و کەم دەرامەتانیش پشکیان هەیە لەو سەروەتە، هەروەکو لە ئاییی پیرۆزی ئیسلامیش باس دەکرێت، بە هیچ شێوەیەک ماڵ بە بەخشین کەم ناکات، بەڵکو بەرەکەتی دەکەوێتێ و بەردەوام زیاد دەکات.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیە بچەند ئەنجامێکمان بەدەست هێناوە، ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لەم کۆمەڵە حیکایەتە، بە پلەی یەکەم ڕەهەندی ئاییی ئیسلام بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ناوچەی خۆشناوەتی زیاتر پەیرەوی ئەم ئایینە بوونە. ئەو کۆمەڵە حیکایەتە، دابەش دەبێتە سەر دووبەرە، واتە سنووری حیکایەتەکان لەم دوو تەوەرەیە دەسوڕێتەوە، ئەوانیش (بەرەی خێر و بەرەی شەڕن). هەموو ئایینەکان داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە، جگە لەمەش هەموویان پارێزگاری لە کاری چاکە دەکەن، دژی خراپەکارینە و پێیان وایە مرۆڤ بەئەنجامدانی کاری باش ڕێگەی ڕۆشنتر دەبێت.

## سەرچاوەکان

به کوردی

-ئەسوەد، نەوزاد وەقاس. (٢٠١١) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
-پەهلەوان، فەرهاد عبدولحەمید، (٢٠١٣) زەردەشت و ئاڤێستاو فەلسەفەی یەکتاپەرستی، چاپی یەکەم،چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
-حەسەن، مەولود ابراهیم، ٢..٨. تێر نەخۆرە، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
-حەسەن، مەولود ابراهیم،(د)، (٢٠٢٠) پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
-خۆشناو، سەرباز مەجید، (٢٠١٩) ساردۆن (کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەیەکی خۆشناوەتیی ناوچەی شەقڵاوەیە)، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
-خۆشناو، نەریمان عبدالله، (٢٠٢١) ڕەمزو مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر. -ڕەسول، هەڵمەت بایز(٢٠٢٥) تراژیدیای ناشادیی بوونایەتیی لە نێوان مەم و زینی خانی و ئەفسانەی تراژیدیای یۆنانیدا، چاپی یەکەم، سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینا کوردی، زاخۆ (توێژینەوە).
-علی، صدیق اورحمان، (٢٠٢٥) تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردیی خۆراسان، بەرگی یەکەم، سەنتەری زاخۆ. (توێژینەوە).
-عیزەدین، سامان، (٢٠٢١) بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سلێمانی.
-ناوخۆش، سەلام، (٢٠١٢) ئاییی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

به عەرەبی

-القران الكريم.
-السواس, فراس, (٢٠٢٠) دين الأنسان, ط ٤, المطبعة دار علاء الدين, سورية-دمشق.

-السواس، فراس، (٢٠٠١) الأسطورة والمعنى، ط٢، الناشر: دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة، دمشق.

-القمنی، سيد، (١٩٩٩) الأسطورة والتراث، ط٣، طابعة (المركز المصری لبحوث الحضارة تحت التأسيس)، القاهرة.

-اسماعیل، نعمە قرەنی، (٢٠٢٣)مەزراندنی ئەفسانە-ڕۆمانی كوردی لە هەرێمی كوردستان، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلاحەددین، كۆلێژی پەروەردە، هەولێر.

- پێنجوینی، سەروەر (٢.١٢/٥/١٩) ڕێكەوتی سەردانی ماڵپەڕ (٢.٢٤/١٢/٢٤).

https://sarwar-penjweni.blogspot.com

-بن باز، عبدالعزيز، (٢.٢٣)، ڕێكەوتی سەردانی ماڵپەڕ (٢.٢٥/٣/٣).

sa.binbaz//:https

-چاوپێكەوتن لە گەڵ(فەرهاد عزيز حسن)، شوێن، ماڵی ناوبراو، هەولێر، ڕێكەوتی(٢.٢٤/١٢/١٥) كاتژمێر(٧)ی ئێوارە.

-چاوپێكەوتن لە گەڵ(سەرباز مەجید خۆشناو)، شوێن، ماڵی ناوبراو، شەقڵاوە، ڕێكەوتی(٢.٢٥/١/٤) كاتژمێر(٩)ی شەو.

## ملخص

عنوان هذا البحث هو البعد الديني في مجموعة قصص وأساطير (سردون) يهدف البحث إلى التعريف بالأبعاد الدينية لمنطقة خوشناوتي بشكل عام وشقلاوة بشكل خاص ويسعى جاهدا لجمع أعمال الفولكلور الكردي وخاصة في منطقة خوشناوتي. القصص والأساطير كنوعين من الأدب الشعبي، لها تاريخ قديم، حيث اتجهت الأفكار البشرية في البداية إلى الأساطير، لذا فإن الأساطير مبنية على حقيقة، ولكل أمة أساطير في بنيتها الثقافية وقيمها الاجتماعية. والقراءة المتأنية للأساطير الكردية تظهر أن الأساطير الكردية لها العديد من الخصائص الخاصة بها.

الكلمات المفتاحية: الأبعاد الدينية، القصص، الأساطير، خوشناوتى، الثقافة.

## Abstract

The Religious Dimen-( This study is titled sion in the Collections of Stories and Myths (Sardon), their research aims to explore the re-.ligious dimensions of the Khoshnavati region It is important to understand the culture in general and to reflect on the culture and culture of The traditions of the heavenly and.the country We.earthly religions are explored for this study have taken the likes of Sarbaz Majid Khoshnaw as an example, which we are very excit-It is after the collection of Kurdish.ed about folk products and especially the Khoshnavati Fiction and fiction, as two genres of .region folk literature, have an ancient history. Human thinking at first moved more towards myths, It is based on facts. Every nation is .so myths They have different cultures.made up of myths although they differ in their origins ‹and value but ‹There are a lot of the.and characteristics they also share a lot of talent in terms of careful reading ‹In the history of the Caucasus.we It has its own.know that there are many myths characteristics and characteristics that have Differ-.adapted to the conditions of the times ences, the results of this study, show that be-.liefs and traditions

Key words: religious dimension, story, .myth, love, culture